# کچان لەشەوی بوکێنیدا فرمێسک دەڕێژن

**کاتێك کچ و کوڕ دەچنە نێو پرۆسەی هاوسەرگیریەوە، کچان لەم شەوەدا هەست بەترس و دڵەراوکێیەك دەکەن و حەز دەکەن فرمێسك بڕێژن. ئەم گریانە کچان، بۆچەند هۆکارێکی دەگێڕنەوە و دەڵێن بوونی لای زۆربەی کچان دروست دەبێت یاخود دەگرین بۆئەوەی نازێك لەسەر هاوسەرەکانیان بکەن، بۆئەم مەبەستەتە ڕاوبۆچوونی چەند کچێکمان وەرگرتووە.**



شـەیما جەمال، کە ماوەی ٢ ساڵە شووی کردووە هۆکاری ئەو کچانەی لەشەوی بووکێنی دەگرین بۆچوونـی جیـاوازی هەیە، شـەیما ڕایگەیاند «پێموایە بوونی ترس لای خودی کەسەکە یەکێکە لەهۆکارە هەرە سـەرەکییەکان، چونکە بوونی ترس بۆ چەند هۆکارێـك دەگەڕێتەوە بەتایبەتیش لای ئەو کچانەی کە بەرێکەوت شـوو دەکەن، بەوەی جۆرە ترسـێکی لا دروسـت بووە بەوەی ئەو لەناو ماڵباتێکـی چەند کەسـی گەورە بـووە و هیچ شـەوێك بەتەنیا نەبووە، ئێسـتاش بەتەنیا لەگەڵ پیاوێکە کە بۆ یەکەمجارە لەگەڵی دەمێنێتەوە کە وادەکات جۆرەها ترسی لا دروست بێت».

## ترسێکی زۆر لای بووک دروست دەکرێت لەلایەن دەوروبەرەوە

لارا نەجات تەمەنی ٢٤ سـاڵەو ماوەی سـاڵێکە ژیانی هاوسـەری پێکهێناوەو دەڵێت «ئەو شـەوە بۆکچ و کوڕ خۆشترین شەوە لەژیانیاندا بەتایبەت ئەگـەر ئەو کچ و کوڕە بەدڵی خۆیان پرۆسـەی هاوسەرگیریان کردبێت دەبێتە خۆشترین شەو، بەڵام هەموو کچێك ترسـێکی لا دروسـت دەبێت و دەگریـت لەبەر چەنـد هۆکارێك لەوانە، دوور دەکەوێتـەوە لەدایـك و باوکی خۆی بە یەکجاری یاخود لەخۆشی ئەوەی کە گەیشتۆتە ئەو کەسەی خۆشی ویستووە یان ترسی ئەوەی هەیە کە لەکچێنی نامێنێت دەست بەژیانێکی تر دەکات».

شـەیما هێماشـی بۆ ئەوە کرد، بەشێوەیەکی گشتی کچ ساتێکیش شوو دەکات ترسـێکی لەڕادەبەدەری لەبارەی مەسـەلەی پـەردەی کچێنی هەیە، بەوەی یەکەمجارە دەچێتە حاڵەتـی جووت بوونی سێکسی، بەتایبەتیش لەو کاتەدا ئەو جۆرە ترسـە دروست دەبێ، ئافرەتانی کە سـو کا ر ی کچە کـە بـەر لەچەند کاتژمێرێـك بە بووکـە دەڵێـن کە ئاگاداربـە هیچ نییە و نەشترسـێی، خۆی لەخۆیدا پێ گوتنی ئەوەندە وشـەیە بە بووکەکە ترسێکی زۆر دروست دەکات، باشـتر وایـە هیچ شتێکی لەم جۆرە نەوترێ».

## لەخۆشییدا بۆ ماوەی ٢٠ تا ٢٥ خولەک گریام

نازەنین شێخان ئافرەتێکی تەمەن ٣٥ ساڵەیە و ماوەی ٧ ساڵە شووی کردووە، سەربووردەی خودی خۆی کە لەیەکەم شەوی بووکێنی گریاوە بۆ ئەو عەشق بوونەی دەگێڕێتەوە کە ئێسـتا شووی پێکردووە. نازەنین وتی «ماوەی ٧ سـاڵ لەگەڵ هاوسەری ئێسـتام پێوەندی خۆشەویسـتیم هەبووە، پاش ٨ جار لەخوازبێنیم ئەوکات کەسـوکارم ڕەزامەندیان نیشـاندا بەوەی شوو بەهاوسـەری ئێستام بکەم، لەترسی ئەوەی نەوەك دووچاری کێشە ببینەوە و مەسەلەی پاشگەز بوونەوە لەلایەن کەسوکارم بێتە ئاراوە لەماوەی هەفتەیەك دەسـتگیرانەکەم منی گواستەوە، بۆیە لەشەوی بووکێنی بەهۆی ئەوەی نە من و نە دەستگیرانەکەشـم باوەڕمان بەوە نەبوو بۆ یەك بووینە، لەخۆشـیان بۆ ماوەی ٢٠ تا ٢٥ خولەك گریام».

نازەنین هۆی دووەمی گریانەکەشـی خسـتەڕوو بەوەی لەدایك و ٢ خوشـکەکەی جیا بۆتەوە و بۆ یەکەمجاریش دوای پتر لە٢٨ سـاڵ بەتەنیا و بێ ئەوان و بە یەکجارەکی لێیان دوور دەکەوێتەوە.

## تائێستاش نازانم لەم شەوەدا بۆئەوەندە گریام

نـازە سـلێمان مـاوەی پێنج مانگـە چۆتە نێو ژیانی هاوسـەری و دەڵێت «بەگشـتی ئافرەت بوونەوەرێکی هەست ناسکە، بەتایبەت لەم شەوەدا شەوێکی ئێجگار ناسکە و ترسێکی زۆری لەلادا دروست دەبێت. هەتا ئەگەر ئەو کەسەی هەڵیشی بژاردووە کە بەدڵی خۆشـت بێت، بەڵام بەدەسـت خۆت نییە ترسێکت لەلادا دروست دەبێت. زۆر جار دەوروبەر کاریگەری زۆر دروست دەکات بۆ ئەوەی بترسـی». نازە ئاماژە بـەوەش دەدا پێش ئەوەی بگوازرێتەوە هاوڕێکانی زۆریان ترساندوە و دەڵێت «ئەو ڕۆژەی کە ئاهەنگەکەم بوو لەشـەودا زۆر دەترسام بەدەسـت خۆم نەبوو هەر لەئێوارەوە دەستم بەگریان کرد، تائێسـتاش نازانـم بۆچی ئەوەندە گریام».

هاژە محەمەد تەمەنی ٢٤سـاڵەوە بۆ ماوەی دوو مانگە ژیانی هاوسـەری پێکهێناوەو دەڵێت «ئەم شەوە بۆ من شەوێکی زۆر ناسك و جوان بوو، بەڵام ترسـێکم لا هەبوو حەزم دەکرد بۆچەند خولەکێك بگریـم بۆئەوەی هاوسـەرەکەم نازم هەڵبگرێت و دڵنەوایم بکاتەوە».

ئاشتی عەبدوڵا



# توندوتیژی لەنێو ئافرەتاندا


مەبەستمان لەتوندوتیژی هاوڕەگەزی لەنێو ئافرەتاندا ئەو جۆرەیە لەتوندوتیژیی کە لەنێوان ئافرەتان خۆیاندا هەیە، واتە ژنێك توندوتیژی بەرامبەر بەهاوڕەگەزەکەی خۆی ژنێکی تر دەنوێنێت ئیتر ئەو توندوتیژییە فیزیکی بێت یان دەروونی چەندین هۆکار و پاڵنەری دەروونی خۆی هەیەو هاوکات چەندین دەرهاویشتەی دەروونی جیاوازی بەدوادا دێت، هەروەها ئەمجۆرە توندوتیژییە چەندین فۆڕمی هەیە بەکۆمەڵێك ئاستی جیاوازەوە. سەرەڕای ئەوەی کە ژن قوربانی دەستی توندوتیژییە بەهەموو جۆرەکانییەوە لەزۆربەی شوێنەکانی جیهان، بەڵام ئەمجۆرەی توندوتیژی لەنێو ئافرەتان خۆیاندا بەئاستێکی زۆرە کە ناکرێن بەسانایی وەری بگرین، چونکە لەدەرئەنجامدا قوربانییەکان هەر قوربانین ئیتر توندوتیژییەکە لەهەرلایەکەوە ئاڕاستە بکرێت. سەرەکیترین جۆری توندوتیژی بریتییە لەتوندوتیژی فیزیکی ئافرەتان بەرامبەر بەیەکتر کە ئەمە لەچوارچێوەی خێزاندایە زیاتر وەك ئەوەی دایك بەرامبەر کچ یان بەپێچەوانەوە یان کچ بەرامبەر بەخوشکەکەی ئەنجامی دەدەن، وەك لێدان و قژ ڕاکێشان و.....تاد. کە بەئاستێکی زۆر بەرز هەیە، بەڵام بەتوندوتیژی شاراوە ناودەبرێت، چونکە لەوڵاتی خۆماندا هیچ یاسایەك نییە بۆ پاراستی تاك لەدەستی توندوتیژی خێزانەکەی کە بێگومان ئەمەش چەندین هۆی کۆمەڵایەتی و کەلتوری هەیە کە تاکی بەتایبەتیش ژنی کردووە بەموڵکی خێزانەکەی و ماف بەخێزانیش دەدات کە مومارەسەی هەموو جۆرە توندوتیژییەکیش بکات بەرامبەر بەتاکەکانی، بۆیە ئەمجۆرەش دەچێتە چوارچێوەی توندوتیژی خێزانییەوە.

توندوتیژی دەروونی: ئەمەش بریتییە لە ئیهانەکردن و سووکایەتیکردن و وتنی قسەی نەشیاو بەیەکتر لەنێوان ئافرەتاندا کە لەزۆرێك لەخێزانەکاندا هەیە یان جیاوازیکردن لەنێوان کوڕو کچدا لەلایەن دایکەوە، بۆ نموونە ئەو خێزانانەی قەرەباڵغن یان بەتایبەت ئەگەر کچیان زۆربێت و وشیارییەکی کەمیان هەبێت ئەمجۆرە توندوتیژییە بوونی هەیە تیایاندا، وەنەبێت تەنیا لەخێزاندا، بەڵکو لەناو دەزگاو ڕێکخراوەکانیش جۆرێکیتر لەتوندوتیژی هەیە لەنێو ئافرەتاندا بەرامبەر بەیەکتر کە بریتییە لەشەڕی دەروونی و ئیرەیی بردن و غیرەکردن لەبەرامبەر یەکتر یان فشاری دەروونی بەتایبەت لەلایەن ژنێکی بەرپرسەوە بۆ ژنی بەردەستی یان ئەو ژنەی پلەی لەو نزمترە یان زۆرجار توندوتیژییەکە دەگۆڕێت بۆ جۆری گرنگی پێدان بەکەسێك و یان سزادانی کەسێك لەڕووی ماددی یان مەعنەوییەوە. قورسترین توندوتیژی ئافرەتان بەرامبەر بەیەکتر بریتییە لەشووکردن بەپیاوانی هاوسەردار کە ڕاستەوخۆ دەچێتە خانەی توندوتیژی نواندنەوە بەرامبەر بەئافرەتان یان خیانەتکردن وەك ئەوەی ژنێك پێوەندی لەگەڵ پیاوێکی ژندار‌دا دروستدەکات «ئیتر پێوەندییەکە تەنیا سۆزداری بێت یان سێکسی» ئەمە توندوتیژییە بەرامبەر بەهاوڕەگەزەکەی کە ژنە هۆکارەکانی توندوتیژیە. (وەکو چۆن پیاوانیش هەمان ڕەفتار دەرهەق بەپیاوان دەکەنەوە) ئەمجۆرە توندوتیژییە هۆکاری دەروونی تایبەت بەخۆی هەیە کە گرنگترینیان بریتییە لە: ئیرەیی بردن لەناو زۆرێك لەئافرەتاندا هەستی ئیرەیی بردن بەیەکتری لەئاستێکی زۆر بەرزدایە بەتایبەت لەناو ئەو ئافرەتانەی کە نەیانتوانیوە بەپێداویستییەکانی ژیانیان بگەن وەك ماڵ و منداڵ و هاوسەرگیری و پۆست و دامەزراندن و هەرشتێك کە مرۆڤ هەوڵی بۆ دەدات، بۆیە ئەمانە دەبنە هۆیەکی یارمەتیدەر بۆ مومارەسەی توندوتیژی لەسەر هاوڕەگەزەکانیان، یان وەك ئەو توندوتیژییەی کە لەنێوان دووژندا ڕوودەدات کە هاوسەری یەك پیاوبن ئەمەش بەڕوونی ئەو ترس و ئیرەیی بردنەمان بۆ دەردەکەوێت لای ئەو ئافرەتانەی کە بەهەوێی یەکتری ناویان دەبەن.

هەست بەکەمیکردن هەندێك لەو ئافرەتانەی کە هەست بەکەمی دەکەن پەنا بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی دەبەن ئیتر لەڕێگەی قسە پێوتنەوە بێت یان دروستکردنی تۆمەت لەپێناو ناشیرینکردن و ناوزڕاندنی، ئەمەش بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە دەروونیەی کە ئەو ژنە لەبەرامبەر هاوڕەگەزەکەیدا هەستی پێدەکات. تۆڵەکردنەوە یەکێکی تر لەهۆیەکان و بریتییە لەهەستی تۆڵەکردنەوە لەناخی ئەو کەسەی کە پەنا بۆ توندوتیژی دەبات بەرامبەر بەهاوڕەگەزەکەی بەتایبەت لەو ئافرەتانەی کە ناتوانن کۆنترۆڵی هەڵچوونەکانی خۆیان بکەن بەرامبەر بەکەسێك کە پێشتر هەڵەیەك یان شتێکی نەشیاوی بەرامبەر کردووە بۆیە بیر لەوە دەکاتەوە ئازاری بدات بۆئەوەی تۆڵەی لێبکاتەوە، بۆ نموونە ئەو کچەی کە دایکی بەمنداڵی ئازاری زۆری داوە هەمیشە لەبیری تۆڵەدا دەبێت، زۆرجار مەرج نییە تۆڵەکردنەوەکە ڕاستەوخۆ بێت، بەڵکو بەرامبەر کەسێکی لەخۆی بچووکتر مومارەسەی دەکات.

# لەچ کاتێک پیاوان توندوتیژی

**پیاوان بەردەوام دووچاری بەر یەککەوتنە جۆراوجۆرەکان دەبنەوە لە دەرەوەی ماڵدا و بەگشتی بەرپرسیارێتیەکانی سەرشانیان لەدەرەوەی ماڵدا گرانتر و قورسترە بەتایبەتی لەچوارچێوەی دابینکردنی بژێوی ژیاندا، وێڕای ئەو پێکهاتە سایکۆلۆژییەی پیاوان کە هەیانە هەمیشە ئامادەییان زیاترە بۆ تورە بوون و هەڵچوون و توندوتیژی لەچاو ئافرەتاندا، کاتێك دەگەڕێنەوە ماڵەوە ئینجا کێشە لەگەڵ هاوسەرەکەیان دروست دەکەن و دەبێتە هۆی شەڕ لەنێوانیان، زۆرجاریش دەبێتە**



«زۆربەی ئێواران کە دەگەڕێمەوە ماڵەوە خێزانەکەم ئەوەندە بایەخ بەمن نادات ئەوەندە بە تەلەفۆن قسە لەگەڵ دایك و خوشکی دەکات» ئەمە قسەی ئامانج ئەنوەرە کە ماوەی شەش ساڵە ژیانی هاوسەری پێکهێناوەو دەڵێت « منیش تورە دەبم و دەبێتە هۆی شەڕ لەنێوانمان، هەر قسەیەك دەکەم و وەڵامم دەداتەوە، منیش ناچارم دەنگی لەسەر بەرزبکەمەوە».

بەردەوام هاوسەرەکەم حەز دەکات دەنگم لەسەر بەرزبکاتەوە

شلێر جەمال ماوەی ٣ ساڵە ژیانی هاوسەری پێکهێناوەو بەردەوام ناکۆکە لەگەڵ هاوسەرەکەی، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە و دەڵێت «هەر قسەیەك بکەم تورە دەبێت و دەنگی بەرزدەکاتەوە، دەبێت هەموو شتێك بەدڵی ئەو بێت، شلێر وەك باسی دەکات هاوسەرەکەی لەکاتی سێکسکردن زۆر تورە دەبێت و گوێ بەحەز و ئارەزووەکانی من نادات، تەنیا دڵی خۆی لا گرنگەو بەردەوام حەزدەکات دەنگم لەسەر بەرزبکاتەوە».

نازەنین ئەحمەد ماوەی ٨ ساڵە ژیانی هاوسەری پێکهێناوەو دەڵێت «هاوسەرەکەم بە بەردەوام دەنگم لەسەر بەرزدەکاتەوەو تورە دەبێت بەتایبەتی ئەو کاتانەی لەکە لەدەرەوە دەگەڕێتەوە هەر قسەیەك بکەم و دەنگی بەردەکاتەوەو تورە دەبێت بێ ئەوەی هیچ کێشەیەك لەنێوانمان هەبێت. نازەنین ئەوەش دەخاتەڕوو، ئەو تورە بوونەیان دەبێتە هۆی ئەوەی کە لێکترازانێکی زۆر لەنێوانیان ڕوو بدات و دەڵێت: جار هەبووە بۆماوەی مانگێك قسەمان لە نێوان نەبووە.

کۆمەڵگەی ئێمە بەردەوام هانی پیاو دەدات کە توندوتیژی بەرامبەر بەئافرەت بکات

ڕێبوار ئەحمەد توێژەری کۆمەڵایەتی دەڵێت «کاتێك توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان ڕوودەدات، ئەوکات نەوەیەکی نادروستی بێتوانا بەرهەم دێت، بێگومان لەکاتێکدا کە پیاو لەژنەکەی خۆی دەدات کۆمەڵێك دەرئەنجامی سلبی ڕوودەدات، یەکێکیان ئەوەیە ئەو ژنە هیچ متمانەیەکی بەو پیاوەکە نامێنێت و بیر لەوە دەکاتەوە کە تۆڵەی لێ بکاتەوە، ئەمە بێجگە لەوەی کە ئەو ئافرەتە لەڕووی دەروونییەوە تووشی جۆرە شڵەژانێك دەبێت کە کاریگەری لەسەر ئاییندەی دروست بکات و کەسایەتی ئەو ئافرەتە بەتەواوی لەناو دەچێت، گرفت ڕووبەڕوویان دەبێتەوە و خێزانێکی نادروست و شڵەژاو دروست دەبێت. کۆمەڵگەی ئێمەش لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەیەکی خێڵەکیە، بۆیە بەردەوام هانی ئەوە دەدات کە توندوتیژی بەرامبەر بەئافرەت بەکار بهێنرێت. ڕێبوار وتیشی «پیاوی لای ئێمەش لەڕووی دەروونییەوە

# بەرامبەر بە ئافرەتان دەکەن؟

**هۆی ئەوەی کە پیاوەکە لەخێزانەکەی بدات و توندوتیژی بەرامبەر بەکار بهێنێت، لێرەدا ڕووبەڕووی کۆمەڵێك پرسیار دەبینەوە بۆچی ئافرەت توندوتیژی بەرامبەر دەکرێت، یاخود ئەو هۆکارانە چین کە وا لەپیاو دەکات توندوتیژی بەرامبەر بەئافرەت بکات؟ ئایا ئافرەتەکە خۆی دەبێتە هۆی ئەوەی کە توندوتیژی بەرامبەر بکرێت؟ بۆ ئەم بابەتە ڕاو بۆچوونی چەند کەسانێکی شارەزامان وەرگرتووە:**

کەسێکی خێڵەکیە ناتوانێت هەموو شتێك قبوڵ بکات، بۆیە هەر کارێك دەبینێت و دەیکات بە شەڕ و دەنگ بەرزکردنەوە و لێدان بەرامبەر بەخێزانەکەی دەیکات.

سامان سیوەیلی سەرۆکی سەنتەری خێزان لەسلێمانی دەڵێت «بێگومان لەهێنانەدی ئەم ڕەوشە هێمن و لەبارەدا ئافرەتان پشکی خۆیان بەردەکەوێت، بەڵام هەندێجار بەشێك لە ئافرەتان خۆیان لە ئاست ئەم ڕاستییانەدا نابینا دەکەن، ئەمەش پیاوان تووڕە و نیگەران دەکات، بەگشتی دەتوانین بڵێین پیاوان لەم ڕەوشانەدا تووڕە دەبن:

- کاتێك بۆیان دەربکەوێت کە هاوسەرەکانیان بەو ڕەنج و ماندووبوونە نازانێت کە پێی هەڵدەستن.
- کاتێك پیاو حەز بەسەردان و تێکەڵبوون لەگەڵ ماڵە باوان و خزمەکانی خۆیدا بکات و هاوسەرەکانیان هاوڕێیەتیان نەکەن لەم سەردانانەدا و پاساوی جۆراوجۆر بهێننەوە بۆ نەچوون لەگەڵیاندا.
- بایەخنەدان بەڕووخساری خۆی و پاکوخاوێنی خۆیان و ناو ماڵ.
- کاتێك پیاو ئارەزووی سێکسیی هەبێت و هاوسەرەکەی ساردی بنوێنێت.
- کاتێك ئافرەت هەوڵبدات پیاو داببڕێت لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییە ئاساییەکانی و ئەو چالاکیانەی پیاوان بە بەشێك لە مافی ڕەوای خۆیانی دەزانن.
- کاتێك ئافرەت بەردەوام گومان دەرببڕێت بەرامبەر ڕەفتاری پیاوەکەی، لەکاتێکدا پیاوەکە خاوەنی هیچ ڕەفتارێکی گوماناوی نەبێت. هەروەها کاتێك ئافرەت خۆی و خێزانەکەی و توانا ئابوورییەکەیان بەراورد بکات بە خێزانی تر، یان بە کەسە نزیکەکانی هاوسەرەکەی. یاخود کاتێك هەستبکات ئافرەتەکە لە دۆڵێکە و ئەمیش لە دۆڵێکی تر، واتە جیاوازی گەورە لە ئاستی ڕۆشنبیری و دیدگا و بیرکردنەوەیاندا هەبێت.



# کچان
# لە زانکۆ و پەیمانگاکان



**چەندین جار تەحەرووش بەوێنەکەم کراوە**

شنۆ محەمەد قوتابییە لەیەکێك لەکۆلێژەکانی شاری هەولێر دەڵێت «چەندین جار ڕووبەڕووی ئەم حاڵەتانە بوومەتەوە وێنەم بڵاوکراوەتەوە و تەحەروش بەوێنەکەم کراوە بەفۆتۆشۆپ لەگەڵ وێنەیەکی وروژێنەر دانراوە ئەمەش وایکردووە کە کاریگەری هەبێت لەسەر کەسایەتی خۆم و هەست بەنائومێدیەکی زۆر دەکەم لەم کاتەدا کە چەندین جار ڕووبەڕووی ئەم کارەبوومەتەوە.

هاژە سلێمان قوتابی پەیمانگایەو هەست بەنائومێدیەکی زۆر دەکات و وتی: نازانم کەی خوێندنەکەم تەواو دەبێت، چونکە زۆر بێزاربوویمە ڕۆژانە کە دێمە پەیمانگا بەس گوێم لەقسەی نەشیاو توانج لێدان و ناوزڕاندن دەبێت. ئەمەش تووشی نائومێدیت دەکات و چەندین جار ڕووبەڕووی ئەم کێشانە بوومەتەوە و قسەی نادروستم لەسەر کراوەو هەموویان دوور بوونە لەڕاستی.

**خۆزگە مۆبایل قەدەغەکرابا لەنێو کۆلێژ و پەیمانگاکان**

کیژان فەتاح قوتابی کۆلیژی ئاداب جەخت لەوەدەکاتەوە کە ڕێژەیەکی زۆر لەکچان ڕۆژانە لەکۆلێژ و پەیمانگاکان ڕووبەڕووی زۆرگرفتی جۆراوجۆر دەبنەوە بەتایبەتی ئەگەر کچەکە جوان بێت و خاوەن کەسایەتیەکی سەرکەوتوو بێت ڕووبەرووی بوختان و قسەی ناخۆش دەبێتەوە، چونکە کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی پیاو سالارییە شتێکی ئاساییە کە کچ ڕووبەرووی کێشە ببێتەوە، لەبەرئەوە هەموومان واتا کچە قوتابیەکان ڕۆژانە تووشی گرفت دەبین و ناوێرین جلێکی جوان لەبەر بکەین یەکسەر وێنەمان بەمۆبایل لەلایەن کوڕانەوە دەگیرێت بەجۆرێك تەکنۆلۆژیا بۆتە مالوێرانترین شت بۆهەموومان، کەس نییە لە ئێمە ڕەسمی بەنهێنیەوە نەگیرابێت، من دەڵێم خۆزگە مۆبایلی خاوەنی مواسەفات قەدەغە

**بوونی کۆلێژ و پەیمانگاکان ئەو شوێنە زانستیەن کە هەموو کوڕ و کچێك هیوا دەخوازێت بچێتە ئەم شوێنە بخوێنێت، بۆئەوەی داهاتوویەکی پرشنگداری هەبێت، بەڵام ئەوەی جێگای داخە کچان کاتێك دەچنە ئەم شوێنە دەڵێن لەبری ئەوەی فێری زانست ببین بۆئەوەی خزمەتی وڵاتەکەمان بکەین، ڕووبەڕووی توندو تیژی و تەحەروش قسەی نەشیاو ناوزڕاندن دەبین، ئەمەش نائومێدیەکی زۆر لای کچان دروست دەکات و زۆر جار ئەو کچە دەگاتە ئەو حاڵەتە کەبڕیاری خۆکوشتن یان خۆسووتان بدات.**



دەکرا، کەس نەیدەتوانی بەکاری بهێنێت.

**ئەم دیاردانە کارەساتی کۆمەڵایەتی دەنێنەوە**

نارین عبدالقادر صالح چالاکوان لەبواری ئافرەتان و بەرپرسی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان دەڵێت: بەداخەوە هەروەکو دەزانین زانکۆ شوێنێکی زۆر پیرۆزە نەك وەك ئەوەی کە کوڕان لەزانکۆدا ببنە هۆی بێزارکردنی کچان، ئەمەش بۆچەند هۆکارێگ دەگێرمەوە لەوانە کۆمەڵگە یان پەروەردەکردنی تاك، چونکە تاك پەروەردەکردنی هەرچونێك بێت هەرئاوەها ڕەنگ دەداتەوە، ئەو کەسانەی بەم دیاردە بزێوە هەڵدەستن ئاستێکی ڕۆشنبیری نزمیان هەیە و تێڕوانینێکی هەڵەیان بۆ کچان هەیە. نارین وتیشی: بێگومان کاتێك کچێك تەحەروشی پێدەکرێت ڕاستەوخۆ تووشی گرفتی دەروونی دەبێت لەخۆی دەپرسێت بۆ وام لێدەکرێت و چەندین پرسیار دروست دەبێت، ئەگەر تووشی تەحەروشیش بێت لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە تووشی گرفت دەبێت، چونکە ئەو کچە دواتر کە دەچێتە نێو پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە تووشی زۆر گرفت دەبێت بەهۆی ئەو شتانەوە بەتایبەتی ئەگەر کچێك وێنیەیەکی لەناو مۆبایلدا بڵاو بوویێتەوە هەمیشە جێگەی پرسیار دەبێت، بۆئەو کوڕەی کەدواتر دێتە خوازبێنی زۆرجار بەهۆی شتێکی وەهاوە کارەساتێکی کۆمەڵایەتی دروست دەبێت.

**چەندین کچ هەیە لەسەر ئەوکێشانەی لەنێو کۆلێژ و پەیمانگاکان ڕووبەڕووی بۆتەوە خۆی کوشتووە**

شوان شێرزاد توێژەری دەروونی، قوتابی ماجستێر لەبواری دەروونزانی و لەمبارەیەوە دەڵێت: ئەو کەسانەی ئەم کارانە دەکەن لەنێو کۆلێژو پەیمانگاکان لەلایەنی دەروونیەوە هەست بەکەمی دەکەن یان ئەوەتا بێبەشبوون لەتێکەڵاوبوون تا تەمەنێکی دیاریکراو نەیانتوانیوە تێکەڵاوی ڕەگەزی بەرامبەریان ببن، هەست بەوەدەکەن کە لەو ڕەگەزە بێبەشبوون یان زۆرجار ئەو کوڕانە بەدوای تۆڵەکردنەوەدا دەگەڕێن بۆئەوەی کە تۆڵە لەڕەگەزی کچان بکەنەوە، چونکە ڕەنگە لەتەمەنێکی دیاریکراودا نەتوانێت بەخۆشەویستی خۆیان بگەن. هەروەها کاتێك کچێك لەناو کۆلێژ تووشی ناوزڕاندن دەبێت، زۆرجار باوك و براو و کەسووکاری ئەو کچە دەچن کچەکەیان ئازاردەدەن وادەزانن ئەو قسە هەڵبەستراوانە ڕاستە تەنانەت زۆرجار بەهۆی قسە هەڵبەستنەوە ئەو کچە دەکوژرێت. لەڕووی دەروونیشەوە گرفتی زۆر بۆ ئەو کچە دروست دەبێت، هەمیشە ئەو کچانەی ڕووبەڕووی تەحەروشپێکردن دەبنەوە تووشی نامۆبوون دەبن. تەنانەت هەمیشە هەست دەکەن کە لەناو کۆمەڵگەدا بەهۆی ئەو قسانەوە کەبۆیان هەڵبەستراوە ناشرین بوون، چونکە هەموو مرۆڤێك کاتێك کەتەحەروشی پێبکرێت یان توانجی لێبدرێت تووشی قەیرانی دەروونی دەبێت، تەنانەت ئەگەر کچەکە تووشی تەحەروشێکی گەورەبێت و وێنەی بڵاوبکرێتەوە یان گرتەی ڤیدیۆیی بڵاوبێتەوە، پەنادەباتە بەر خۆکوشتن و چەندین حاڵەتی لەم جۆرەمان هەیە.

ڕووخۆش عەزیز توێژەری کۆمەڵایەتی، لەمبارەیەوە دەڵێت: تەحەروشپێکردن لەناو کۆلێژدا چەند هۆکارێکی هەیە لەوانە پەروەردەکردنی تاك بەتایبەتی ئەو کەسانەی کە لەگەڕەکە میللییەکاندا گەورەدەبن مەسەلەی تەحەروش بەلایانەوە ئاسایی دەبێت، چونکە دەست بۆبردن بۆکچان لەگەڕەکێکی میللیدا بەشێوەیەکی زۆر ئاشکرا ڕوودەدات، بێگومان بەڕای من تەحەروشپێکردنی کچان لەناو کۆلێژدا ئەمڕۆ زۆر هەیە وەك ناوزڕاندنی کچان، بەهۆی بوختان پێکردنەوە، زۆرجار ئەم دیاردانە لەناو کۆلێژەکان دەبنە نەریت، ئەمەش خاڵێکی سلبی کۆمەڵگەی ئێمەیە، ئەم حاڵەتانەی کە باسمکرد لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە کاریگەری زۆر دەکاتە سەر ژیانی ئەو کچە ئیتر ئەو کچە بۆ هەتاهەتایە ناوی دەزڕێت و ناوبانگی دەکەوێتە بەر پڕوپاگەندە کردن و ئەم بوختانانە کاریگەری لەسەر ئاییندەی ئەو کچە دروست دەکات، بێگومان بڵاوکردنەوەی وێنەی کچان و گرتە ڤیدۆیۆییەکانیان لەناو کۆلێژەکان لەلایەن کوڕانەوە کارەساتی زۆر ترسناکی کۆمەڵایەتی لێوە دروست دەبێت، تەنانەت زۆرجار دەگاتە کوشتنیش.